# بانیخێلانی بۆ خۆی چەواشە دەکات !

سامان کەریم

zaryak@yahoo.com

لەوەلآمی نوسینێکی مندا " ئەزمونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و بێئاگایی بانیخێلانی"، کە وەلاٍمێك بۆ نوسینێکی تری بانیخێلانی، جارێکی تر بانیخێڵانی بەپیٚی هەمان میٚسودی پێشوو، کەوتۆتە تۆمەت هەڵرشتن، بەلآم ڕێنوێنی ئێمەدەکات کە " دورین لەرەوشتی نوسین" و" کۆمەڵێك ووشەی سواوو بەسەرچوو دەمانەوێت خوێنەر چەواشە بکەین" و. . . زۆری تری لەم بابەتە، من وەلآمی ئەم ئاستە بەرزە لە فەرهەنگی نوسینی بانیخێلانی نادەمەوە، با خوێنەران بۆ خۆیان ڕەوشتی نوسینی ئێمەو بانیخێلانی جوان نوسیش هەلبەسنگێننو قەزاوەت بکەن. بەلآم پێش ئەوەی وەلآمێکی کورت بدەمەوە بە بانیخێلانی، دەمەویٚ ئاماژە بەوەبکەم، کە چەواشەکاری لەوانەیە هەنگاوێك بێت بۆ کەسێك یان لایەنێك یان کۆمپانیایەك یان حزبێك بۆ ئەوەی بگاتە مەبەستێکی دیاریکراو. ئەحزابی سیاسی بورژوزای و کومپانیاکان هەمیشە ئەوە فەرهەنگیانە. . . بەلآم من تا ئێستا کەمم بینیوە کە ئینسان خۆی خۆی چەواشە بکات، ئەمەیان بەسەر بانیخێلانیدا هاتوە، من لیرەدا یەك زەرە دیفاع لە حزب وە لەنوسینەکەی خۆشم ناکەم، کە چەواشەکاریم کردوە یان نا، دیسان ئەوەشیان بۆ خوێنەران بەجێدەهێلم، بەلآم ئەوە نیشان دەدەم کە بانیخێلانی بۆچی خۆی چەواشە دەکاتو زۆر زەغلەتبوە لەبەرئەوەی من پیم وتوە بێئاگایت؟ بەتایبەت لە نوسینی دوهەمیدا " دیسانەوە حككو چەواشەکردنی خوێنەر" نەك هیچ وەلآمێکی پێنەبوە بۆ بێخەبەریەکانی خۆی کە من بۆم ژماردوە بەڵکو ئیزافەی هەیە.

من لە وەلآمەکەمدا بەبانیخێڵانیم نەوتوە کە ناسیونالستە، بەڵکو باسی تێروانینی ناسیونالستیم کردوە بۆ ئینسانو بۆ کۆمەڵگا وپاشان دەلیٚم "بانیخێلانی دروست هەمان لێکدانەوەی ناسیونالستەکانی هەیە بۆ خەڵکی کوردستان" (نوسینی پێشوو، ئەزمونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو بێئاگایی بانیخێلانی/ کوردستان نێت ١/ ٥) بەلآم بەرێزی هاتوە یەك دوو لآپەڕەی پڕکردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە هەر کەس لەگەلٚ ئێمە نەبێت ئەوا ئێمە پیٚی دەلێین ناسیونالستەو شتی لەمبابەتە. من وتارێکی بانیخێلانیم خوێندۆتەوەو لەسەر ئەوە قسەم کردوە، وە وا تێگەیشتوم کە تێڕوانینێکی ناسیونالستانە بەسەر ئەو وتارەیدا زاڵە، ئەو دەتوانێت بلێت وانیـیە، یان وایە، بەهەرحال ئارەزوی خۆیەتی، بەلآم لای من ئەو ڕوانگەی کە لەونوسینەیدا هاتوە ناسیونالستیـیە؟ لەبەرئەوەی مەبنای تیڕوانینی ئەو بۆ دیاردەکانو بۆ ڕوداوەکانی ئەمرو لە ڕوانگەی بەرژەوەندی" نەتەوەیی کورد"و لە " کوردبونەوە" دەڕوانێتە دنیا، ئەمە کرۆکی ناسیونالیزمە جا لە ئەوروپا بێت یان ئاسیا یان لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست. بەهەرحال بانیخێلانی ئارەزوی خۆیەتی چی بۆ خۆی هەلدەبژێرێت، پێم وایە خەریکە لەباری سیاسیشەوە هەڵیببژێرێت.

بانیخێلانی لە نوسینەکەی پیشٚویدا ئاماژەی کردوە بە چەند دیاردە یان ڕوداوو یان بێئاگا بون لەسیاسەتی حزبی ئێمە، منیش ئاگادارم کردۆتەوە لەوەی کە ئەو دۆستەمان بێئاگایە، وە من لای خۆمەوە بێئاگایی لە حزبێك یان تەنانەت لە کوردستان ولەشارەکانیشی بۆ هیچ کەسی خەڵکی کوردستان بە کەموکوڕی نابینم ( بێئاگابون لە دیاردە، یان حزبێك یان بزوتنەوەیەك یان. . هیچ پەیوەندی نیـیە بە کۆنەپەرستیەوە) بەلآم هەروەکو لە نوسینەکەی پێشودا نوسیومە، موشکلە ئەوەیە لەسەر بێئاگایی سیاسەت بنوسیت، وە ئێستا لەوەش خراپتر ئینکاری بکەیتو خۆت لە قەرەی بیخەبەریەکانت نەدەیت و ئیزافەی بکەیت، من موتەئسفم بۆ ئەم نوسەرە. ئەو نوسیویەتی کە حزب کۆمۆنیستی کرێکاری لەساڵی ١٩٩٢دا ٢٥٠ دەنگی هێناوە بەمە دەیەوێت ئێمە بەجۆرێك

نیشان بدات كه خۆی دەیەوێت‌و ئیشی بەمە هەیە، منیش وتومە ئەوكاتە حزب پێك نەهاتوە، ئایا ئەمە بێئاگایی نیە، ئەی بۆ وەڵامی نادەیتەوە؟! ئەو نوسیویەتی " بۆچی بەرگری لە خەڵكی فەلەستین دەكەن‌و داوای مافەكانی خەڵكی فەلەستین دەكەن، بەڵام كە دێتە سەر مەسەلی كورد دەیگۆڕن بۆ مەسەلی ناسیونالستی. . " منیش نوسیمە تۆ ئاگادار نیت كە لەساڵی ١٩٩٥وە سیاسەتی حزبی ئێمە جیابونەوەی كوردستان‌و پێكهێنانی دەولەتە لە كوردستان، ئیایا ئەوە بێئاگایی نی‌یە، بۆ وەڵام نادەیتەوە. . . . باسی حكومەتی بەعس دەكات، پیم وتوە ئاگاداری دەستوری حكومەتی بەعس نیت، مەگەر وانی‌یە؟ بەڵام ئەو باسی هیگل و فیختەمان بۆ دەكات، حەزی لە فەلسەفەیەو ئێمە بەكەم خوێندەوار دەزانێت، ئەوەشیان دیسان ئارەزوی خۆیەتی. دیسان ئەو ناسیونالیسست بونی حزبە كوردییەكان بەهۆی پەیوەند بونی تاكی زمانێكی ترەوە پێیانەوە ڕەت دەكاتەوە، چونكە یەكێتی‌و پارتی بەجیا لەكورد، ئاشوری‌و توركمان‌و عەرەبیشی تێدایە، بەم پی‌یە لای بانیخێلانی ئەم حزبانە نابنە ناسیونالست، بەڵام من بۆ ئەوی ئیزافە دەكەم‌و دەلیٚم، لەساڵانی كۆتایی هەفتاكانیشا لەنێو یەكێی نیشتمانیدا خەڵكی عەرەب هەبون، بێچارانە بۆ نمونە پێیان دەوتن " حمە عەرەب"كە خەڵكی بەصرە بوو هەروەها تا ئێستاش ئەندامێكی كەرتی ڕێكخستنی چوارقورنەی یەكێتی مصری‌یە، واتە نەك خەڵكی كوردستان نی‌یە بەڵكو عێراقیش نی‌یە، بەڵام ئەمە چ رەبتی بە ناسیونالیزم بونی یەكێتی وپارتی‌یەوە هەیە؟! خۆ ئەگەر وابێت ئەوا بۆ خۆی چێشتیش یەك حزب‌و لایەنی ناسیونالستیمان لەجیهاندا دەست ناكەوێت، دیارە بۆ باسی تەلەفیزیۆنەكەشی هەروایە! تەنانەت لا خودی بانیخێلانیش چونكە ئەو نوسیویەتی " ئاخر كەسێك یەك گەردیلە خوێنەوای هەبێت نازانێت، هەموو مەسەلەی عێراقیبوون، كە لەسەرەوە باسم كرد مۆدێلێكی ناسیونالیزمی بەعس بوو. . " كەواتە لای بانیخێلانیش حزبی بەعس ناسیونالست بوە، ئەوە ڕۆشنیشە ناسیونالیزمی عەرەب بوە، بەڵام كوردو ئاشوری‌و كلدانی و یەزیدی‌و مەسیحی‌و سونی‌و شیعی‌و هەموویان ئەندام بون تیایدا لەوەش واوەتر تارق عەزیزی مەسیحی و و یاسین رەمەزانی كوردو سعدون حەمادی شیعی ئەندامنی بەرزترین دەزگای حكومەتی و حزبی بوون تیایدا، كەواتە ئەم باسەی بانیخێلانی كە خۆی دەیكات دژایەتی هەیە لەگەل باسەكەی بۆ یەكێی وپارتی كە پێیان دەڵێت ناسیونالست نین ! ئەمە ئیتر محنەتی بانیخێلانیە.

بانیخڵانی دەنوسێت " كەچی بەئقەست ئەم قسەیەی من هەڵدەگێرێتەوەوە بۆ ئەوەی پێمان بلێت، ئەگەر بەعس بڕوای بە نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەكان هەبوایە، نەدەبوایە ئەنفالی بكردایەت‌و كارەساتی هەلەبجە ڕوی بدایەت" بانیخێلانی بە شێوەیەك سەغلەت بوە نوسینەكەی منی بەعەكسەوە خوێندۆتەوە. دۆستی ئازیز، من لەكوێ‌ی نوسینەكەمدا ئەو رستەیەم نوسیوە؟! خۆ دەبێت ئاماژەی پێبكەیت، من دروست بەپێچەوانەی ئەو رستەیەوە نوسیومە كە تۆ بەحسابی خۆت لەنوسینەكەی من دەرتهێناوە، پاشان من لەكوێ قسەی تۆم هەلگێڕاوەتەوە من نصی قسەی تۆم خستۆتە كەوانەوە، ونوسینەكانیش ماون!. حكومەتی بەعس وەك هەر حكومەتێكی تری دنیا پشتی بەستبوو بە ئایدۆلۆژیی‌یەك، ئایدۆلۆژییەكەی ئایدۆلۆژی قەومی عەرەبی بوو، وە توندترین بەش‌و باڵی ئەم ناسیونالستەی پێكدەهێنا لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبدا، من لەوەلامی باسەكەی تۆدا كەلە نوسینی پێشودا نوسیبوت لەخاڵ سێهەمی دوا بڕگەی نوسینەكەی خۆمدا ئاوام نوسیوە" سێهەم/ بانیخێلانی دەلێت" سیاسەتی بەعس بنامەیەكی شوڤێنی عەرەبی هەبوو، وەهەمیشە دەیویست نەك لە عێراقدا بەڵكو لەهەموو نیشتمانی عەرەبیدا ئەو سیاسەتە بچەسپێت، هەربۆیە زۆر لە ڕۆشنبیرانی عەرەب كەوتونەتە ژێر كاریگەری ئەو سیاسەتەوە، كە بڕوایان وایە ئەوانەی لە عێراقدا دەژین بەهەر ڕەگەزو ئاین‌و ئەتنێكی جیاوازبن عێراقین، كەواتە بەپێی سیاسەتی بەعس گرینگ نی‌یە تۆ سەر بەكام ڕەگەزو ئایین بیت ئەوەندەی گرینگە تۆ عێراقی بیت، ئەمەش

له فەلسەفی مۆدیرندا پێی دەگوترێت کوشتنی جیاوازییەکان. " ئەم باسەی کە بانیخێلانی وەصفی حزبی بەعسی پێدەکات، ئەگەر وابوایە لەراستیدا جێگای خۆشحالی بوو، چونکە ئەوکات نە مەسەلی نەتەوەیی کورد لەعێراقدا دەبوو، نە صراعی مەزهەبی نە چەوسانەوەلەسەر مەسائیلی نەتەوەیی و مەزهەبی. پایەی ئایدۆلۆژیو سیاسی حکومەتی بەعس دروست بەپێچەوانەی نوسینو باسەکەیبانیخێلانییەوەیە، سەرنج بدە لە دەستوری کاتی عێراق ماددەی پێنجەم دەلێت "أ/ عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب ب/ گەلیعێراق پێکهاتوە لە دوونەتەوەی سەرەکی: نەتەوەی عەرەبو نەتەوەی کورد و ئەم دەستورە بریار دەدات لە سەر مافی نەتەوەیی گەلی کوردو مافە مەشروعەکانی گشت کەمە نەتەوایەتیەکان لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتودا. " بەم پێیە رۆشنە کە شوناسنامەی هاوولاتی بونی یەکسان لە قانونو دەستوری حکومەتی بەعسدا جێگای نەبوە، بەلکو شوناسنامەی نەتەوەیی مۆرکی ئەصلی دەستورو سیاسەتی ئەم حکومەتە فاشستە بوە، حکومەتی بەعس تەواوی عێراق وە خەلکی عێراق بەبەشێك لە نەتەوەیی عەرەب دەزانێت، پاشان عێراق دابەش دەکات لەسەر پایەی نەتەوە، بە دوو نەتەوەی کوردو عەرەب تقسیمی دەکات، بەمپێیە ئەصل بۆ حکومەتی بەعس نەتەوە بوە نەك عێراقی بون، عێراقی بوون بەجیا لەنەتەوە و دین، یەعنی سڕینەوەی هەویەی ئاینی و نەتەوەیی، کە کارێکە پێویستە بکرێتو بەقازانجی تەواوی ئینسانەکانە کە لەعێراقدا دەژین بەجیا لەوەی بەکام زمان قسەدەکەن. ئەوەی چەند ساڵە لەعێراقدا کراوە، بەهۆی صراعی قەومییەوە، لە قەتلو عام و ئەنفال و کیمیای باران و شەڕی شاخو مانەوەی فەرهەنگی دواکەوتوی نێو کۆمەلگا و بەهێزبونی بزوتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان، لەراستیدا بەهۆی سیاسەتێکەوە بوە کە حکومەتی بەعس تیایدا دەست پێشخەربوەو بەنزینی بەسەردا کردوە، تەنانەت سیاسەی رەگەزپەرستی عەرەبی کە حکومەت بەعس بێ وێنە پیادەی دەکرد، لە دەستکەوتنی کارو شوێنی نیشتەجێبونیشدا کاریگەری دادەنا، کەم نەبون کرێکارانی کورد زمان بەهۆی کورد بونیانەوە لە شەریکەی نەوت دەرکران، بێهۆ نەبوو کەسی کورد لە کۆلێجەکانی تەیرانی مەدەنیو جەنگیو لە زۆر پۆست و جێگەی هەستیاردا دانەدەنران، هەزارەها خێزان لەکەرکوك راکوێز کران بەهۆی کوردبونیانەوە. . . ئەی کەواتە عێراقی بونی چی؟! دۆستی ئازیز. . . . " ( سەرچاوەی پێشوو) .

بانیخێلانی درێژە دەدات بە بێئاگاییەکانی خۆیو دەنوسێت " ئایا دەتوانن ناوی دوو چالاکیمان پێ بلێن: لەدژی رژێمی بەعس کردبێتان؟" دۆستی ئازیم من چی بکەم کە دەلێم بێئاگایت تورە دەبیت، ئاخر بڕوابکە خەتای خۆتە، من نایەم ناوی نەك دوو چالاکی بەلکو سەد چالاکیت بۆ بنوسم، ئەوەیان خۆت پێویستە بیزانیت بەتایبەت کە لەسەر حزبێك دەنوسیت دەبێت ئاگات لە کارو هەلسوڕانی بێت، بەلاًم ئاگادارنیت، کە چەندین کادری لەزیندانەکانی حگومەتی بەعسدا بۆ چەندین ساڵ زیندانی بوون، دەیان کادریان دەربەدەربوون چەندیان حوکمی ئیعدامی غیابیان هەبوو، لەکاتی خۆیدا، هەر هەمووی ڕاگەیەندراوە لایەنی کەم تەماشای ڕاپورتی ساڵانەی ئەمنستی ئەنتەر ناسیونال بکەرەوە، لەوێ هەم دەزانیت، بۆ زیندانی بون، بۆ دەربەدەربون، وە ناوەکانیشیان دەزانیت. . . زۆر قسەوباسی تر هەیە کە ئاماژەیان پێبکەین کە بە قازانجی بانیخێلانی نییە، لە چەشنی باسی پۆست مۆدێرن، باسی دیمکراتی، باسی نیشتمان. . . بەلاًم من لێدەگەرێم ودەچمە سەر ئەوەی کە بانیخێلانی بۆ خۆی چەواشە کردوە.

## بانیخێلانی بۆ خۆی چەواشە کردوە ؟!

بەلاًم هۆی ئەصلی تورە بونی بانیخێلاًنی و زەغلەت بونەکەی لە ڕاستیدا لە بەرامبەر ئەوەدانییە کەمن پێم وتوە بێئاگایت، ئەوە لای بانیخێلانی زاهیری مەسەلەکەیە، ئەو لەو وشەی "بێئاگایی"یەکە تورە دەبێت نەك



www.kurdistannet.org

لەبەرئەوەی بێئاگایە، بەڵكو ئەو ئێستا پێویستی بەوە هەیە كە پێیبوترێت كەسێكی شارەزاو بە ئاگا لە دنیای سیاسەت ( سەرەرای ئەوەی ئەو دەسەلاَتی ناوێت وەكو كەسێك) ئەو تورەیە چونكە دەیەوێت چەواشەبونی خۆی لە زاتی خۆیدا بكاتە چەواشەكاری حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق، من دەڵیم حەقیەتی تورە ببێت‌و حەقیشیەتی چەواشەكاری خۆی بكاتە چەواشەكاری حزبی ئێمە، بەلاَم بۆ؟! بانیخێلانی ئەمرۆ وەك هەرنوسەرێك یان رۆشنبیرێكی كورد، دەیەوێت ئومیدو خۆشی ئایندەی " نەتەوەكەی" ببەستێتەوە بە سەركەوتنی ئەمەریكاو سیاسەتەكانیەوە، دەیەوێ پیرۆزبایی لە مارنێزو فرۆكەوانەكانی ئەمەریكا بكات و بە ئێمەش دەلێت " ئاخر بۆ سوپاسی ئەمەریكا ناكەن"، معلومە ئێمە بۆ سوپاسی ناكەین ( دۆستی ئازیز جاریٚ خۆ نەفرۆین بەسەر بەغداشداو تا ئێستا هە رێگای فرۆكەی جەنگی هەیە بەسەر ئاسمانی بەغداداو ترمینالَی بەغداش چاك نەكراوتەوە!) بەلاَم بانیخێلانی بۆ سوپاسی دەكات‌و بۆتە پروپاگەندەچی ئەمەریكاو بە خەلك و لایەنی تریش دەلێت بۆ سوپاسی ناكەن؟! كرۆكی چەواشەبونی زاتی بانیخێلانی لەوەلاَمی ئەم پرسیارەدایە. بانیخێلانی وەك رۆشنبیرێكی كورد، دەیەوێت خۆی ساخباكاتەوە، لایەنگری خۆی بۆ حەرەكەت‌و لایەنێك نیشان بدات كە ئەمرۆ بەهۆی جەنگی ئەمەریكاوە زیاتر بەهێز بوەو لایەنی كەم لە ئێستاداو هەوالَەكان و فەزای سیاسی وا دەخوێنێتەوە، كە بەشێكیان پێببرێت لەدەسەلاَتی ئایندەی عێراقدا، بەم پیٚیە بە شێوەیەكی ناراستەوخۆ وتارادەیەكی زۆر شەرمۆكانە بەرگری لە سیاسەتەكانی ئەحزابی دەسەلاَتدار دەكات لەكوردستان ( نەك وەك ناسیونالستێك تەنها لە ئاستی فكردا) ئەمەش پێچەوانەیە یان لایەنی كەم ناتەبایە لە گەل هەلَوێستەكانی پێشوی خۆیدا ( بەقەولی خۆی، كە پێشتر رەخنەی لێگرتون) ، بەلاَم وەك هەر دیاردەیەكی گۆرین لە خالێكەوە یان لە شوێنێكەوە یان لە دۆخێكەوە، بۆ شوێن و دۆخێكی تر، پێویستی بە دەورەیەكی ئینتقالی هەیە، كە دەبێت زەمینە بۆ خالَی دووەم ( بۆ ئەو خالَو شوێنەی كە دەیەوێت بگوێزێتەوە بۆی) بەتەواوی ئامادە بكات، یەكێك لەو زەمینانە یان بەهێزترین زەمینە بۆ ئەم روچونە، هێرشكردنە سەر حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق‌و ئیتهام داتاشین‌و سوكایەتی پێكردنیەتی، بەلاَم ئەم فەزایە حالەتێكی دەورنی بۆ نوسەر دروستكردوە لە نێوان دوێنیٚ و ئەمرویدا، بۆ یە سەری لێتێكچوەو، تەنانەت تێگەیشتنی خۆی لە نوسینەكەی من، كردوە بە بەشێك لە نوسینی من! بەم شێوە لەنێو زاتی خۆیدا چەواشە بوە. ئەم حالَەتەی بانێخێلانی بەسەر كەسانی تریشدا هاتوەو پارچە زەویشیان وەرگرتوە لای ئەحزابی دەسەلاَتدارەوە، هەموو ئەوانەی كە ویستویانە خۆیان لە رابوردوی ئینسانیان لە رابوردوی رەخنەگریان لە ئەحزابی كوردی پاك كەنەوە ( بەجیا لەوەی كە چەند دور یان نزیكبوبن لەئێمەوە) بە هێرشكردنە سەر حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری دەستیان پێكردوە، چونكە حزبی كۆمونیستی كرێكاری عێراق، تاكە حزبێكە كە لە كوردستان‌و عێراقدا كە رەمزی ئەوپەری دیفاع لە ئینسان‌و ئینسانیەتی هەلَگرتوە، دیفاع لە هەموو شادی‌و خۆشی‌و مافێكی ئینسان مێژوی ئەمسەر بۆ ئەوسەری ئەم حزبەیە، ئەم رەمزەش هەمیشە بۆتە رێگری بەردەم سیاسەتەكانی ئەحزابی ناسیونالست‌و لایەنی كەم ئیزعاجی كردون و پەردەی لەسەر سیاسەتەكانیان هەلَمالیون، ئەمە بۆ ئێمە مایەی گەورەترین ئیفتخارە. بەلاَم هیوادارم بانێخێلانی دەورەكەی تەواو نەكات‌و برێك لە نێو سحری جوانی شارە جوانەكەی هایدلبێرگدا سەر هەلبرێت‌و دیفاع لە روانگەی ئینسانی بكات. ٥/٤

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربرینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەرۆكەكەی بەرپرسیار نییە.